www.kurdistannet.org
4-7-2006 17:54بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## دیمانەیەک لەگەڵ هێڤی هونەرمەندی گۆرانی بیژی کورد ... ساسان دەروێش

هۆڵەندا




لەوکاتانەی کە خونچەی بەهرەیەک لەگەڵ شنەی باو لە رینەوەی لق وچڵی دارێک لەگەمەی ئەوەدابن وبیەوێ لە بەهاری سەوزیدا سەردەرهێنێ بە کۆمەڵێ گوڵی ڕەنگا و ڕەنگ لەیەکێ لەنێو خێزانەکەیدا، باخەوان و پەروەردەکاری ئەومرۆڤە هەست ناسکە دەتوانێ هەمووخونچەی گوڵەکان و بەهرەکە بکاتە نێو ئینجانەی ماڵەکەی وبۆن وبەرامی بگەیەنێتە ووڵاتەکەی، بە پێچەوانەشەوە خێزان هەبووە هەر بە خونچەی بەهرەی مناڵەکانیان سەربڕیوە، خۆش بەختانە هێڤی خانی هونەرمەند لە و کاتانەی کە هەستی بە بوونی ئەو خونچەیە و بەهرەیەی کردوە لە ناخیدا و ئاشکرای بکات لە لای خێزانەکەی کە خەریکە سەرهەڵ بدات تەنگی پێ هەڵ چنیوەلەگەروویدا، هەرزوو خانەوادەکەی بەتایبەتی براکە ی لە سەرەتاوە و دواتر هاوسەرەکەی بوونەتە پاڵ پشت وپەرە پێدەری بە هرەو هونەرەکەی وهونەرمەند هێڤیش زۆر بە سەلیقانە و لە سەربنەمای زانستی توانی بەهرەوپاڵ پشتیەکەی بیگەیەننەئەم ئاستەی ئێستای هونەری وخۆشەویستان وئاشقانی دەنگەکەی بە هەمیشەی بە تامەزرۆوە چاوەڕوانی بەرهەمی نوێین وکاری جوانیین، بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم دیمانەی لەگەڵ ساز بکەین.

پ:- چۆن دەتەوێ هیڤی بە ئاشقانی دەنگە بە سۆزەکەت بناسێنی؟

و:- لە دایک بووی شاری شەقڵاوەم، هەموو ساتەکانی تەمەنی منداڵی خۆم هەر لە وشارە بردۆتە سەروژیانی هاوسەریم پێک هێناوە.

پ:- لە چ کاتێکدا بەهرەی هونەری لە ناخت وگەرووتا سەری هەڵدا و ئەوساتە بەیەکەم هەنگاو دەزانی؟

و:- لەتەمەنی منداڵیەوە لە قۆناغی سەرەتایی، هەستم بەوەکردکە زۆر حەزم لە هونەری گۆرانی ومیوزیک ە، ئەوساتانە کەگوێم لە میوزیک ئەگرد خۆشترین ساتەکانی ڕۆژانەم بوو.

پ:- ئەم خولیابوونەت بە هونەری گۆرانی ئاشکرابوو یان هەر لە ژێرلێوە وە بوو لە ناخی خۆتا ئەدوای بە گۆرانی؟

و:- بەڵی زۆر ڕوون وئاشکرابوو، لە بەر ئەوەی برای گەورەم، ئەوکاتە قوتابی پەیمانگای هونەرەجوانەکان بوو، بەشی میوزیک، بەردەوام ئەوساتانەی کەلەماڵ بوو میوزیکی ئەژەنی، کەواتە ئەتوانم بڵێم میوزیک لەلای خانەوادەکەی ئێمە شتێکی نامۆ نەبوو، زۆر ئاسایی بوو کە من حەز لە گۆرانی ووتن بکەم بە ئاشکرا، لەلای خانەوادەکەشمان ئەوساتەوئێستاش ڕێگرنەبوون لەبەرحەزوئارەزووی من بوومیوزیک وگۆرانی.

پ:- ئەوکاتانە چ هەستێکی لا دروست دەکردی ئەگەر لە ئایندە دا گۆرانی بچڕی وەیان دەبیتە هونەرمەند؟

و:- زۆر لەوەزیاتر بوو کە وەک هیوایەتێک یان ئارەزوویەک، بەڵکو ئارەزووی ئەوەم ئەکرد کە ڕۆژێک من ببم بە میوزیک ژەن وەیان گۆرانی بێژ

پ:- ویستت لەم ڕێگایەوە چی بە دەست بهێنی؟

و:- سەرەتا حەزوئارەزووبوو، وردە وردە ئەم ئارەزوەی من بووە گۆرانی ومیوزیک، زیادی کردوهەستم کرد ئەگەرمن بتوانم لە دوا ڕۆژببم بەگۆرانی بێژ، خەڵک زیاتر ئەم ناسن ومنیان خۆش ئەوێت ئارەزووی ئەوەم ئەکرد کەگەلی کوردیش با هونەرمەندی ژنی هەبێت وەک گەلانی تر، بۆیە زۆر حەزم ئەکردکە لە دوارۆژ ژیانی هاوسەریم لەگەڵ هونەرمەندێکی میوزیک ژەن پێک بهێنم بۆ ئەوەی لە دوارۆژ بتوانم بە هاوکاری ئەوبەردەوام بە هونەرەکەم بدەم هاوکارم بێت، نەوەکا ببێتە ڕێگرلەبەردەم هونەرەکەمدا خۆش بەختانەتوانیم لەگەڵ هونەرمەندی میوزیک ژەن موحسین ژیانی هاوسەری پێک بهێنم، ئەوەش ببێتە هۆی ئەوەی کەمن بتوانم بەردەوام بم لەکاری هونەریم.

پ:- پاڵ پشتی ئەندامانی خیزانەکەتان و پێشوازی کردن لە ئایندەیەکی هونەرمەندێک و هەڵکەوتووی خێزانەکەیانیان چۆن کرد؟

و:- من سوپاسی خانەوادەکەی خۆم ئەکەم، جێگای ڕێزن بۆمن کە هاوکارم بوون بۆ هونەرەکەم ونەبوونە ڕێگر لەبەرکارە هونەرییەکانی من، زۆر گرنگە کە لەخانەوادەیەکی شارێکی بچوکی وەک شەقلاوەبوار بە کچە کەی خۆیان بدەن کە لە هونەری گۆرانی کار بکات. کە هێشتا لە ناوکۆمەڵگای کورد گۆرانی ووتن بۆژنان هێڵێکی سوورە، بۆیەبە کارێکی شایستەی نازانن لەلایەن زۆر کەسانەوە، لەوانەیە خانەوادەکەم زۆر جار لە لا یەن هەندێ کەسەوە هەستیان بریندار کرابێت بەشێوەیەکی کەپێیان ووتبن چۆن ئێوە بوار ئەدەن کە کچەکەتان گۆرانی بڵێت بەڵام خۆش بەختانە ئەوان هەرهاوکارم بوونە بۆ بەردەوامیم لەبەرئەوەی خانەوادەکەی من هەر لە کۆنەوە کورد پەروەر بوون وهونەر دۆست بوون، ئاستی خوێندەواری زۆربەی ئەندامانی خێزانەکەم باش بووە، لەوەتەی بیرم بێت هەرلەتەمەنی منداڵیەوە هونەرمەندان وشاعیران وئەدیبەکان هاموشۆی ماڵی ئێمەیان ئەکردبۆ یە هونەرلای خانەوادەکەی ئێمە بەکارێکی پیرۆزئەزانن.

پ:- کەسێک هەبوو ببێتە ئاستەنگ لە بەردەم هەڵچوونی بە هەرەیەکی پڕ لە شەپۆل و جوانی ڕووبار بۆ هونەری کوردی؟

و:- نەخێر هەستم بەوە نە کردوە، لە وانەیە لە دەرەوەی بازنەی خێزانەکەی خۆمان وەیان دەوروبەر، کەسانێک هەبن لەم لاولەولاوە پێیان خۆش نەبێت وەیان بەکارێکی شایستەی نەزانن، بەڵام من ئەوەش ئەگەڕێنمەوە بۆ کزی ئەوان ونزم ئاستی ڕۆشنبیری ئەوجۆرەکەسانە، ئەگینا فەرقی پیاویان ژن چی یە، کە ئەگەر لە هونەرکار بکات بۆ لە هەموو بوارەکان ژن کار بکات تەنیا لە هونەر نەتوانێ کاربکات لەوانەیە ژنەکان لەم بارەیەوەزۆر لە پیاوەکانیش بەتوانا تربن، ئەوەمن بەش بەحاڵی خۆم زۆر بە بڕوایەکی بەهێزەوە بەردەوام ئەبم لەکارە هونەرییەکانم، باخەڵکیش چی ئەڵێن ئازادن ومن دەمی کەسم پێ ناگیرێ.

پ:- چۆن بوو تاراوگەت هەڵبژارد وماوەی چەندە لە تاراوگەی؟




و:- دیارە منیش وەک هەزاران کەسی ئەم وولاتە کوردستانم جێ هێشت بڕیارم دا لە تاراوگە بژیم دیارە زۆر هۆکارهەبوون وەک شەڕی ناوخۆ وتوند و تیژی خراپی باری ئابووری ئەوکاتە زۆر سەخت بوو هەمووکەس نەی ئەتوانی گوزەرانی تیا بکات بڕوا بکەن هەرکەس بۆی بڕەخسایە وبی زانیایە ئەگاتە ئەوروپا دوودڵی نە ئەکرد لە هاتنە دەرەوە ئەوکاتە کوردستان شەڕی ناوخۆی تیابوو، تەنیاز مانی هێزوسیلاح ئەی خوارد هیچ یاسایەک نەبووبت پارێزێ من وخێزانەکەم ئاوارەی وولاتان بووین ئەوە ماوەی 8 ساڵ ئەبێت من لە تاراوگە ئەژیم.

پ:- لە ڕابردوو ئێستا دا کارە هونەرییەکانت کامانەبوون؟

و:- لەساڵی 2002 یەکەم ئەلبومی تایبەت بە خۆمم تۆمار کرد وبڵاوکردە وە کە حەوت گۆرانی لە خۆگر تبووبە ناوی ئەلبومی (ئارامی دڵ) .

پ:- چەند لەوکارانەت کردوونە تە ڤیدیۆ کلیپ؟

و:- 5 لە گۆرانیەکانی ئەلبومی 2002 م کردوە بەکلیپ ولە داهاتوویەکی نزیکیش کلیپێک ئەکەم بۆیە کێک لەوگۆرانیەکانی ئەلبومی تازەم بەناوی گۆرانی (هاوار) .

پ:- لە چەندیان نارازیت؟

و:- هەرکاتێ هونەرمەندێک بەرهەمێک تۆمارئەکات، دیارە ئەبێت 100% لە بەرهەمەکە ڕازی بێت پاشان تۆماری بکات، بەڵام پاش ماوەیەکی تر ساڵانێک ئەڕوات هونەری میوزیک وگۆرانی پێش ئەکەوێت هونەر مە ندەکە هەرخۆی ئەڵێت ئەگەر ئێستا ئەوبەرهەمەم تۆمار بکردایە بە شێوەیەکی چاکتر وجوانتر تۆمارم ئەکرد ئەوەمنیش وەکو هەموو هونەرمەندێک دیارە ڕاو سەرنجم لە سەر بەرهەمەکانی پێشووم هەیە بەڵام ئەوکاتە ساڵی 2002 بوو هونەری میوزیکی کورد ئەم ساڵانە زۆر بەخێرای لەگۆڕانکاری دایە بە تایبەتی هونەری تەکنیکی دەنگ وئەوئاسان کاری زۆرتر هەیە بۆ هونەری گۆرانی لەساڵانی ڕابردوو.

پ:- چ هەستێک پاڵ پێوەدەنێ بۆ هەڵبژاردنی شیعرێک بۆ گۆرانی؟

و:- هەرهۆنراوەیەک ئەگەر هەستم نەبزوێنێت وەیان شیاونەبێت بۆ ئەم سەردەمەکەمن گۆرانیەک ئەڵێم براوناکەم بتوانم تۆماری بکەم ئەوە من هۆنراوەی هەمووکەس ناکەم بەگۆرانی ئەگەر نەزانم ئەو کەسە خاوەن ئەزموون وناسراو نەبێت لە گۆڕەپانەکەدا.

پ:- سەرکەوتنی هونەرمەند دەگەڕێنیتەوە بۆ چی؟

و:- هەر هونەرمەندێک پەلە نەکات لە کارەکانی و بەووردبینی کارەکانی بکات وە ئەبێ ئەگەر گۆرانی بێژەکە میوزیکی نەخوێندبێ وئەکادیمی نەبێ چاکتر وایە کەسێکی شارەزا لەم بوارەدا هاوکاری بکات، زۆر گرنگە گۆرانی بێژ بزانێ چ جۆرە ئاوازێک بۆ دەنگی

ئەوباشە وەیان تۆنی دەنگی ئەو لە جۆرە پایەیەكی میوزیكی شیاوە بۆ ئەوەی لەوتۆنە گۆرانی بلێ وە چاكتر وایە ئەو بەرهەمانەی تۆماری ئەكات لەگەڵ گروپێكی میوزیكی خاوەن ئەزموون وئەكادیمی تۆماربكات، بۆ ئەوەی بەرهەمەكەی هەڵەی میوزیكی تیا نەبێ ئەو چاكتر وایە گۆرانیەكان گروپێكی میوزیكی زیندوو نەوەک بەیەک كیبۆردەوە، پێویستە گۆرانی بێژەكە دەنگ ورەنگی شیاوبێ گۆرانی ووتن وەخەڵكی لای هەموویان گرنگتر ئەبێ، گۆرانی بێژەكە خۆی وارابهێنێ كە شەرم نەكات چونكە شەرم 50% هێزوتوانای هونەرمەندەكە ئەبات، بۆیە هەر هونەرمەندێک رەچاوی ئەم خاڵانە بكات ئەتوانێ بەردەوام بێت وسەركەوتن بەدەست بهێنێ.

پ:- بۆ هەموو هونەرمەندان بێزارن لەزۆری كلیپ وبێ سانسۆری كەناڵە كانی ئاسمانی كوردی؟

و:- لە بەر ئەوەی زۆر لەوكلیپانە ئاستی هونەریان زۆر نزمە چ لە رووی وێنەگرتن وەیان نزمی ئاستی میوزیكەكەی وەیا ن زۆر جار دەنگی گۆرانی بێژەكە ئەسڵەن شیاونیە بۆ گۆرانی ووتن، بەڵام تەنیا گۆرانی ووتن بۆتە چاولێ كردن وە دیارە زۆربەی گەلی كورد ئەیانەوێت ببن بەگۆرانی بێژ دیارە هەمووكەس ئازدە لەوەی كەبۆ خۆی گۆرانی بلێت وەک هیوایەتێک بەڵام شەرت نیە وا یان پێویست نەكات ئەوبەرهەمەكرچ و كاڵانە بەوەشیاوی پەرت وبڵاوە هەندێ لەكەناڵە كان بڵاوی ئەكەنەوە نازانم كەس نی یە لەوكەناڵانە هەندێ لە هونەری میوزیک وگۆرانی بگات وایان تەماشای تەلەفزیۆنەكانی دەوروبەری كوردستان وجیهان نەكەن بزانن ئاستی هونەری كلیپ وگۆرانی چۆنە بەڵام لێیان ناگرم هەندێ لەكەناڵەكان كەسییان لەم كەناڵانەداناوە بەهیچ شێوەیەک لەدوورونزیک پەیوەندیان بەهونەرەوەنییە یان حیزبێكی توند رەو وەیان كورِی یان خزمی فڵانە بۆیە حاڵی هونەری كوردی بە وەگەیشت بۆ پێشەوەنەرِوات بۆیە زۆر جار من ئەبینم هونەرمەندەكان كە ئەوانەی كاری هونەری چاک ئەكەن ساردئەبنەوەلەكارەكانیان كە پارەیەكی زۆر لەبەرهەمەكانی خۆیان سەرف دەكەن زۆر جاریش قەرزارئەبنەوە ئەبینن ئەوەی بەرهەمێک تەنها بەیەک ئۆرگ تۆمارئەكات هەمان حسابی بۆ ئەكەن لەگەڵ ئەوهونەرمەندەی كە لەوانەیە لەیەک گۆرانی داسێ هەزار یۆرۆ سەرف بكات ئەگەر گۆرانیەكەكلیپ بكات بۆیە زۆر جار گلەی وساردی ئەبینین لەوهونەرمەندانەی ئەوەی بەراستی خەم خۆری هونەری كوردین ئەیا نە وێت هونەروگۆرانی كوردی بەرەوئاستێكی نوێ ومۆدێرن بەرن كەبتوانین بڵێن فەرمووگەنجەكان لاوەكان وەر ن گوێ لەگۆرانی كوردی بگرن.

پ:- تاچەند میدیای كوردی بەخزمەت كاری هونەری كوردی دەزانی لەرِووی گەیاندنی دەنگی هونەرمەندان بەگەلانی تر؟

و:- هەندێ كار كراوە لەم بورەدا بەڵام بەپێ ی پێویست نەبووە ونەیان توانیوە دەنگی هونەرمەندی كورد بە چاكی بخەنە ناوگەلی تر ەوە، چۆن ئەم دەنگە بخەینە ناوگەلانی تر لەبەرئەوەی دەزگاكانی میدیای كوردی هەرهەمووی لەسەربنەمای حیزبی دامەزراوە وەكەسی شیاولەشوێنی شیاودا نەناوە، هیچ زانیاریەكی ئاوایان نیە لەبواری راگەیاندن بۆ یە حاڵی تی ڤی یەكانی كوردی ئاوا خراپە با سەیرێكی دەوروبەری خۆیان بكەن بزانن لەووڵاتانی دەوروبەر تەلەفزیۆن چۆن كار ئەكەن، دڵنیام دەوڵەت پارەی چاک لەم كەناڵانەدا سەرف دەكات بەڵام بەشێوەیەكی هەڵە سەرفی ئەكات نا گاتە جێگای خۆی هەتاكو ئێستا كەناڵەكان رِانەهاتوون كە خەرجیەک بۆ هونەرمەندانە سەرف بكەن كە بەرهەمەكانی خۆیان ئەدەن بەوكەناڵانە زۆر لەدڵما هەیە باسی بكەم بەڵام لێ ئەگەرِێم بۆ ئەوكاتەی كەخۆم ئەزانم لەبەرنامەیەكی زیندوو چۆن باسی ئەكەم.

پ:- پێت وایە تاكەی یاسایەک دەچەسپێ بۆ كۆپی نەكردنی كارە هونەریەكانی هونەرمەندان؟

و:- لەهەر ووڵاتێک یاسایەک نەبوو بۆ رێكخستنی هەركارێک یاچ هونەری وایان بوارێكی تر دیارە كەسانێک سوودمەند دەبن وەكەسانێكیش زەرەرمەند ئەبن وحەقیان ئەخورێ ئەمەش ئەبێت دەوڵەت چارەسەری بۆ بكات بۆ ئەوەی هەركەس كار وواجباتی خۆی بزانێ چیتر حەق ورەبچ وماندووبوونی هونەرمەند نەخۆن.

پ:- تاچەند هونەرمەند ان لەم بێ سەروبەریەدا زەرەرمەندن؟

و:- هەر هونەرمەندە زەرەرمەندە، ئەڵێم ئەبێ ئاخۆ كێ هونەرمەندبێ لە ناوكورد هێشتا گوێمانمان لەوە هەیە ئاخۆ ئەبێ هونەرمەندی تەواوهەبێت كامانەبن وەبەچ پێوەرێک حسابیان بكرێت تاكو ئێستا لەناو كورد لایان وایە هەركەسێک كلیپێكی كرد ئەوە بوو ە بە هونەرمەند، ئەبێ رێزی لێ بگرین موچەی رێزلێ نانی بدەنێ بۆیە لە ناو ئەو جەنجاڵەدا هەڵەیە مافی هونەرمەندی رِاستەقینە بزربێ.

پ:- تاكەی هونەرمەند نانی دەمی خۆی بدات بەكارەهونەریەكانی وكەناڵەئاسمانیەكانیش بێ خەرج كردنی یارمەتی بەرامبەرروەرگرتنی پەخش وبڵاویان دەكاتەوە؟

و:- ئەم حاڵەتە تەنها لە ووڵاتی ئێمە لە كوردستان وایە جاران ئەمان ووت ئێمە ووڵاتمان نیە هونەرەكەمان تەنها بۆ خزمەتی گەلەكەمانە بۆ ئەوەیە كە ووڵاتەكەمان ئازادبێت وە دەزگاو دەوڵەت دامەزرێنین هەر بۆیە زۆر بەی هونەرمەندە كۆچ كردووەكانمان ئەوانەی كە لە ژیاندا نەماون بەگیرفانی بە تاڵە وە بە سكی برسی كۆچیان كردوسەریان نایەوە، بەڵام خۆ ئێستا ووڵاتی ئێمە لەدەست

خۆمانەوخێروبەرەکەتەکەی بۆ خۆمانە ئەی نازانم کەی ئەتوانن هونەرمەند تێر بکەن تاوەکو بتوانن بە دڵێکی خۆشەوە کارەکانی بکات نەوە کو ئێستا خۆی و منداڵەکانی برسی بکات بۆ ئەوەی هونەربکات.

پ:- ئەرکی هونەرمەند لەم کات وساتەدا چی یە؟

و:- کۆڵ نەدان وە هیوادارم سەر

پ:- چۆن لەهونەرتێ گەیشتووی؟

و:- هونەر پەیامێکی زۆر پیرۆزە لەلای من، وەڵام دانەوەی ناخی منە، جوانترین جوانی ئەم سەر زەمینەیە هیچ جوانیێک ناگاتە ئاستی جوانی هونەر، بە هەموو ڕەنگ وجۆرەکانیەوە، وە ئەتوانم بڵێم نزیکترین دۆست و هاوڕێ ی مرۆڤ بووە لە هەمووکات وساتێکدا.

پ:- دایک بوونی هەبێ چییە؟

و:- دایک مانای ژیان، مانای بەردەوامی لە ژیان، وەنوی بوونەوە، هیچ شتێک لە سۆزی دایک زیاتر کاریگەرنییە وە من خۆم دایکم، ئەزانم سۆزی دایک چۆنە بۆ منداڵەکانی خۆی، هیوادارم کەس بێ بەش نەبێت لە سۆزی دایک.

پ:- نەبوونی نیشتیمان وبندە ستەی چی ئەگەیەنێ لای تۆ؟

و:- دیارە ئێمە نیشتیمانمان هەبووە، بەڵام لەت لەت کراوەوە، لێمان داگیرکراوە، بۆیە ئێمەش ئاوارەبووین بۆیە منیش ژیانی ئاوارەی لام زۆر نامۆیە وە بە هیوای ئەوەم کە نیشتیمانی کوردیش کە کوردستانی گەورەیە ئازاد بکرێت لە دەست داگیرکەران.

پ:- پرۆژەی نوێتان چیە؟

و:- لەداهاتوویەکی نزیکدایەک لەگۆرانیەکانی ئەلبومە نوێ کەم ئەکەمەکلیپ بۆ خۆشەویستانی دەنگم.

پ:- من هیچم نەماوە، دەتەوێ لە دوا ووتەتان چی بڵێن؟

و:- من لە کۆتایدا زۆر سوپاسی کاک ساسان ئەکەم کە توانیم هەندێ لە ئێش وئازارەکانی دڵی خۆم بۆ خوێنەرانی بەرێز بڵێم.